## بەڕێوەبەری پاڵاوگەی نەوتی کەرکوک:

# حەز دەکەم هەموو لایەنێك هاوکارمان بن بۆ خزمەت کردنی ئەم شارە خۆشەویستە



**چاوپێکەوتن/ باوکی دابان**

پاڵاوگەی نەوتی کەرکوك کە ساڵانێکی دوورو درێژە دروست کراوە بەش بە حاڵی خۆی خزمەتی دانیشتوانی شاری کردووە، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئیش و کارەکانی ئەو کۆمپانیایە بە چاکمان زانی سەردانی بەڕێوەبەرەکەی بکەین، کاتێك چوین بۆ سەردانی لە کۆبوونەوەدا بوو ئەگەر پێشتر جەنابی بەڕێوەبەرم نەناسیایەو هاوڕێتیم لەگەڵیدا نەبوایە ئەوا بەڕێوەبەرو کارمەندو کرێکارەکانم لێك جیا نەدەکردەوە، چونکە بەڕێوەبەریش وەك کرێکارەکانی تر لە کاتی دەوام بەدڵەیەکی کارکردنی لەبەردایە.
ئەوەی زیاتر هانی دام چاوپێککەوتن لەگەڵ ئەندازیار عومەر محەممەد ساڵح بکەم ئەوەیە چەند جارێك لەشەودا تەلەفۆنم بۆی کردووە کەچی ئەو لەناو پاڵاوگەکە چاودێری کاری کردووە.

*** ئەگەر بکرێت کورتەیەکی مێژوویی دامەزراندنی ئەم پاڵاوگەیەمان بۆ باس بکەی؟**

ئەندازیار عومەر: ئەم پاڵاوگەیەی ئێمە کاری تێدا دەکەین کۆنترین پاڵاوگەیە لە عێراقدا کە تا ئێستا مابێت و بەرهەمی هەبێت، ئەگەر باس لە مێژووی دامەزراندنی بکەین لەوەی کەرکوك کۆنتر هەیە وەك خانەقین بەڵام ئەوانە ئێستا نەماون، لە هەمووی سەیرتر بەم پاڵاوگە کۆنەیەو ووزەی بەرهەم هێنانمان سەد لەسەدە، لە ساڵی ١٩٧٢ ئەم پاڵاوگەیە دامەزراوە، بەڵام لە مۆدێلدا مۆدێلی چلەکانە، لە سێ یەکە (unit)پێك هاتووەو ووزەی بەرهەم هێنانی هەر یەکەیان ١٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا.

*** ئەو بەروبوومە نەوتیانە چین کە بەرهەمی دەهێنن؟**

ئەندازیار عومەر: ئەو بەروبومانەی رۆژانە بەرهەمیدەهێنن بریتین لە:
یەکەم/ نەفتە کە مادەیەکی بنەڕەتییە لە دروستکردنی بەنزین.
دووەمیان/ گیرۆسین؛ واتە نەوتی سپی کە بۆ بەکارهێنانی ماڵان دەشێت.
سێهەمیانیش/ گاز، ئەوەی دەشمێنێتەوە (فیرۆیل) واتە نەوتە رەشەکە، سەبارەت بە (فیرۆیل)ەکە دەخرێتە ناو بۆری نەوتی عێراق ــ تورکیایەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت.
بۆ زانیاریتان لە هەر بەرمیلێك نەوتی خاودا نزیکەی نیوەی دەبێت بە نەفتەو گیرۆسین و گاز، نیوەکەی تری نەوتی ڕەشە.

***بڕی هەریەکە لەو بەرهەمانە چەندن؟**

ئەندازیار عومەر: ١٨٪ نەفتە ، ١٩٪-٢٠٪ گیرۆسین ، ١٤٪ گاز ، ٤٨٪ فیرۆیل ، ئەگەر ئەمانە بکرێنە ژمارە بەم چەشنە دەردەچێت ٥٤٠٠ بەرمیل نەفتە، ٦٠٠٠ بەرمیل گیرۆسین، ٤٢٠٠ بەرمیل گاز ١٠٦٠٠ بەرمیل فیرۆیل.
گرنگترین خاڵ هەرچەندە کەرەستەکانی بەردەستمان زۆر کۆنن ، بەشانازییەوە مواسەفاتی بەرهەمە نەوتیەکانمان ١٠٠٪ .

***ئایا لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە گۆڕان بەسەر بەرهەمی پاڵاوگەکەتاندا هاتووە؟**

ئەندازیار عومەر: پرۆژەمان زۆرە بەڵام لە ناو ئەم (unit)ە کۆنانە بەراستی ناتوانرێ شتێکی وەها بکرێت، پرۆژەی نوێمان بریتییە لە پاڵاوگە تازەکەی کەرکوك کە لەسەر رێگای کەرکوك - دوبز بە بڕی ١٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرهەمیەتی کە نەك تەنها بەشی کەرکوك دەکات بەڵکو بەشی شارەکان تری کوردستانیش دەکات.

*** هەیکەلی ئیداریتان چۆنە؟**

ئەندازیار عومەر: هەیکەلی ئیداریمان دەقاو دەق هەیکەلی ئیداری پاڵاوگەی بێجییە ، لە ڕووی خزمەت گوزاریەوە لە ڕووی دەرامەتەوە وەك یەکین، لە داهاتووشدا پاڵاوگە تازەکەی کەرکوکیش تەواو دەبێت هەمان هەیکەلی ئیداری دەبێت.

***بەرهەمەکانتان ڕەوانەی کوێ دەکەن؟**

ئەندازیار عومەر: تاقە شوێنێك کە بەرهەمەکانمانی بۆ دەنێرین گەنجینەی یەکی حوزەیرانە ( مستودع ١ حزیران) کە بە بۆڕی ئەنجام دەدرێت.

**هەرچەندە کەرەستەکانی بەردەستمان زۆر کۆنن، بەشانازییەوە مواسەفاتی بەرهەمە نەوتیەکانمان ١٠٠٪**

کاتێك من پۆستی بەڕێوەبەری ئەم پاڵاوگەیەم گرتە دەست هیچ ژمێرەرێکی (عداد ) تێدا نەبوو، نەوت بە فیڕۆ دەڕۆیشت، بەڵام من لە ڕێگەی سەرووی خۆمەوە داوای (عداد)م کرد، ئێستا بۆ هەر جۆرە بەروبومێك (عداد)ی خۆیم بۆ داناوە.

*** پاڵاوگە تازەکەتان گەیشتۆتە کوێ؟**

ئەندازیار عومەر: پاڵاوگە تازەکە چەند هەنگاوێك چووەتە پێشەوە، بەڵام ئیش و هەوڵی دەوێت، ئێستا لە وەزارەتی نەوت بەرنامەی سێ پاڵاوگەیان بەدەستەوەیە کەرکوك - میسان- ناسریە، ئەوەی کەرکوك - میسان هەریەکەیان ١٥٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا، ئەوەی ناسریەش ٣٠٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا. پاڵاوگەی کەرکوك پێشتر هەندێ کێشەی بۆ دروست کرا کە دواتر بە یارمەتی دڵسۆزان لە شارەکە چارەسەرکرا، دوا هەنگاویش کە نرا بێت ئەوەیە ئەرکی دروست کردنی پاڵاوگەکە بە کۆمپانیایەکی ئەمەریکی سپێردراوە، ئێستا لەسەر وەزارەت ماوە هەنگاوەکانی تر بنێت .

*** تا چ رادەیەك ئیدارەی کەرکوك هاوکاریتان دەکات؟**

ئەندازیار عومەر: ئەم پرسیارە زۆر قورسە چونکە ئەوەی من دەمەوێت و ئاواتی منە لە هیچ لایەنێکەوە نەکراوە، حەز دەکەم هەموو لایەنێك هاوکارمان بێ بۆ خزمەت کردنی ئەم شارە خۆشەویستە.

*** ژمارەی کارمەندەکانتان چەندە؟**

ئەندازیار عومەر: لە راستیدا کارمەندمان زۆر کەمەو لە ٣٠٠ کارمەند کەمترە، کەچی پاڵاوگەی نەجەف لەوەی ئێمە بەرهەمی کەمترەو قەبارەیشی بچوکترە کەچی ژمارەی کارمەنەکانی ٨٠٠ کەسە.


## بەڕێوەبەری هەیئەی وەبەرهێنانی وەقفی سونی/ کەرکوك: مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە

# بە بیانوی ئەوەی زەوییەکە بۆ پەرستگای یەهودیەکان تەرخانکراوە چەند ماڵە تورکمانێکی پریادی کەرکوك ناڕازین لە بەکرێدانی



**چاوپێکەوتن/ ئومێد مەحمود**

ئەندازیاری یاسایی ئەرسەلان نامق عەلی بەڕێوەبەری هەیئەی وەبەرهێنانی وەقفی سونی/ کەرکوك، کە ئیدارەی مولکەکانی وەقفی سونی دەکا لە کەرکوك بە (کوردستانی نوێ)ی ڕاگەیاند:"چەند ماڵە تورکمانێك لە گەڕەکی پریادی، بەناوی دانیشتوانی گەڕەکی پریادییەوە، سکاڵایەکیان دژ بە هاوڵاتییەکی کورد لە ئەنجومەنی قەزای کەرکوك تۆمارکردووە بە تۆمەتی ئەوەی کە پارچە زەوییەکی ئەو گەڕەکە کە سەربە هەیئەی وەبەرهێنانی وەقفی سونی کەرکوکە دەیەوێ بە زیادەڕیی(تجاوز) بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێ، ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە لە سەردەمێکدا کە یەهودییەکان لەم شارەدا بوونە، ئەم پارچە زەوییە بۆ پەرستگایەکی ئەوان تەرخانکراوە."
وتیشی:" ئەنجومەنی قەزاش نوسراوێکی رەسمی بە ئیمزای ( خالد حوسێن ئەلعاصی) سەرۆکی ئەنجومەن بە ژمارە(٢٠٣)و لە رۆژی(٢٠/٥/٢٠٠٩) بۆ ئێمە ناردوە کە تێیدا هاتووە: (وردتنا شكاوي من اهالي منطقة (پریادی) بأن هناك تجاوزات على ارض سبق و أن كانت مخصصة معبد لليهودة باسم (توراة) و يروم احد الاشخاص بناء دار سكنية عليها و لدى الاستفسار منه اخبرنا بأن استأجرها من هيئة الاستثمار نأمل اعلامنا بالموضوع ليتسنى لنا محاسبته في خالة كونه متجاوز).
ڕوونیشکردەوە کە:"ئەو هاوڵاتییە داوایەکی پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کرد بۆ ئەوەی ئەو پارچە زەوییەی بەکرێ بدەینێ، ئێمەش دوای ئەوەی جێگاکەمان لەلایەن لیژنەیەکەوە کەشف کرد، بۆمان دەرکەوت کە تاپۆکەی بەناو ئەوقافەوەیە، ڕەزامەندی خۆمان بۆ بەکرێدانی ئەو شوێنە دەربڕی، بێگومان دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی پارێزگاو جەنابی پارێزگار، لە ڕۆژنامەکانیشدا بانگەوازی (مزایەدە) کردنیمان بڵاوکردەوە، لە (مزایدە)کەشدا بۆ ئەو هاوڵاتییە کوردە دەرچوو."
هەروەها وتی:"کاتێك ئەو هاوڵاتییە ویستویەتی وەك مافی یاسایی خۆی زەوییەکە بەکاربهێنێت، بەڵام چەند هاوڵاتییەکی دانیشتوی گەڕەکی (پریادی) کەسەربە نەتەوەی تورکمانن ڕێگەی پێدەگرن و ناهێڵن کاری تێدا بکات، ئەویش بە بیانوی ئەوەی کە زیادەڕۆییە (تجاوز)، بەڵام ئەو هاوڵاتییە گرێبەستی ڕەسمییان پیشاندەدات، بەڵام وادیارە نەیتوانیوە قەناعەتیان پێبکات، بۆیە ئەو هاوڵاتیانە دەچن سکاڵا لە ئەنجومەنی قەزا تۆمار دەکەن"
ئەندازیار ئەرسەلان نامق سەرسامی خۆی لەو سکاڵایە نیشانداو وتی:" ئێمە بەم سکاڵایە سەرسام بووین، چونکە خەڵکانێك کە هیچ پەیوەندیەکیان بەو زەویەوە نیە کەچی سکاڵا دەکەن، لە کاتێکدا لە ڕووی یاساوە هەر کەسێ ئەگەر مافی مولکداری بە زەوییەکەوە نەبێ، مافی سکاڵا کردنی نیە و دادگا مافی سکاڵای ناپرسێ، بەپێی نوسوراوەکەی ئەنجومەنی قەزا کە دەڵێ گوایە ئەم پارچە زەوییە لە سەردەمێکدا بۆ پەرستگای یەهودییەکان تەرخانکراوە، دەبوایە کەسانێك سەر بەدینی یەهودی ئەو سکاڵایەیان بکردایە نەك کەسانێك کە بەخۆیان دەڵێن موسڵمان، هەروەها دەبوایە پێش ئەوەی سکاڵا لە ئەنجومەنی قەزا تۆماربکەن، ئێمەیان وەك لایەنی پەیوەندار ئاگادار بکردایەتەوە"
بەڕێوەبەری هەیئەی وەقفی سونی پێیوای ئەمە مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بێ لەو بارەیەوە ئاماژەی بەوە کردو وتی:" دیارە ئەو کەسانە دەیانەوێ کێشە دروست بکەن و گەورەی بکەنەوەو دواتر لە (کەناڵە ئاسمانییەکان)ەوە بیکەن بە هەرا، ئەمەش پێموایە مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیە و بۆ ئاژاوە گێڕی و دووبەرەکی نێوان کورد ونەتەوەکانی تر ئەم کارە دەکەن، بەڵام ئێمە وەڵامی ئەو نوسراوەیەمان داوەتەوە، کە ئەو تۆمەتانە ڕاست نین و ئەو زەوییە مولکی ئەوقافە."
لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی( ئایا ئەگەر ئەو (مستأجر)ە کورد نەبوایە ئەو کەسانە هەمان هەڵوێست و کاردانەوەیان دەبوو؟)
ئەندازیار ئەرسەلان نامق وتی:" : ڕەنگە ئەم کاردانەوەیان نەبوایە، چونکە لە گەڕەکی موسەڵلا کە کاتێك پارچە زەوییەکمان بەکرێ دایە هاوڵاتیەکی کورد هەمان کێشەیان دروست کرد و لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە کردیان بە هەرا، کەچی بە دووری چەند مەترێك هەر لەو زەوییەوە تەوێڵەی ئاژەڵ دروست کراوە کەچی دەنگیان نەکرد، هەروەها هەر لە نێو گۆڕستانەکەی موسەڵلادا ئێمە ( ١٠) هەزار مەتر زەویمان بەکرێ داوە بە (یانەی موسەڵلای تورکمانی) کەچی بەرامبەری بێدەنگن چونکە تورکمانن."


ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شاری کەرکوك
ژمارە: ٢٠٣
ڕۆژ: ٢٠/٥/2009
جمهورية العراق
مجلس محافظة كركوك
رئاسة مجلس مدينة كركوك
العدد: ٢٠٣
التاريخ: ٢٠/٥/2009
الى/ هيئة استثمار الوقف السني / كركوك
تحية طيبة ..
وردتنا شكاوي من أهالي منطقة (بريادي) بأن هناك تجاوزات على ارض سبق وان كانت مخصصة معبد لليهود باسم (توراة) ويروم احد الاشخاص بناء دار سكنية عليها ولدى الاستفسار منه اخبرنا بأن استأجرها من هيئة الاستثمار نأمل إعلامنا بالموضوع ليتسنى لنا محاسبته في حالة كونه متجاوز .
(مع التقدير)
خالد حسين العاصي
رئيس مجلس مدينة كركوك وكالة
2009/
نسخة
mail:munirkafili@yahoo.com
Web Site:www.kirkukpc.net
P.B:2222 Kirkuk-Iraq
Mob :07703783432
العنوان : كركوك – شارع المحافظ



**هێدی گەلالی**

# دوای مەرگ هاوکاری دەکرێن!

سروشتی تاکی کوردەواری لەبنەڕەتدا واهاتووە کە زیندوو کوژی مردوو پەرست بێت بەتایبەتی ئەو جۆرە بیرکردنەوەو راوبۆچوون و رۆئیایەی کە لەسەر هونەرمەندان جێبەجێیدەکەن بەوەی کاتێك هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ لەژیاندا مابێت بەجۆرێك سەیری دەکەن کە گۆرانیبێژەکە شەرم لەخۆی بکاتەوە کە هونەرمەندە!، بەڵام هەر لەدوای ئەوەی کۆچی دوایکرد ئیتر هەزارو یەك پێناسەو پیاهەڵدانی هونەریانەو نەتەوەییانەی بۆ ریز دەکەن و مەراسیم و چلەی ماتەمینی بەفەرمی بۆ رێکدەخەن، چەند رۆژێك بەر لەئێستا لە کەرکوك چلەی ماتەمینی گۆرانیبێژی رەسەن (سەلاح داودە) رێکخرا، ئیدی لەوتارو دیدارە تەلەفزیۆنی و رادیۆکان و رۆژنامەکاندا دۆستە نزیکەکان و هاوڕێ هونەرمەندەکانی سەلاح داودە کەوتنە پیاهەڵدانی یەکێك دەیوت مامۆستای ناسراوی گەلەکەمان، یەکێکیتر دەیوت بەڕاستی کاکە سەلاح مەقامەکانی کوردی پاراستبوو، ئەویتر ئاماژەی بەوەدەدا کە قوتابخانەیەك بوو بۆ هونەرمەندانی ئێستا........هتد! هەموو ئەو وتەو قسەو دەستەواژانە دوای مردنی لەناکاوی سەلاح داودە بوو، بەڵام بەچی دەچێت! ، ئەی بۆچی پێش مەرگی ئەو هونەرمەندە کە لەناخۆشترین ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیداری و پەراوێزخراویدا دەگوزەرا کەسێ نەبوو یان دۆستێ یان هونەرمەندێکی دەوڵەمەند، یان سیاسییەکی پارەدارو دەستڕۆیشتوو نەبوو ئاورێکی لێباتەوە، نووسەرێکی هونەردۆست و فۆلکلۆر پەروەر لەسلێمانی بەهەفتەیەك دوای مردنی سەلاح داودە ئەوەی بۆ باسکردم کە چەند ساڵێك بەر لەکۆچیدا تەنیا بەمەبەستی سەردانکردن و بەسەرکردنەوەو چاوپێکەوتنی سەلاح داودە چوومە لای لەگەڕەکی شۆریچە لە کەرکوك.
کاتێك ژیان و گوزەران و سیمای خۆی و منداڵە رەش و رووتەکانیم بینی زۆر پەشیمان بوومەوە لەوەی کە سەردانم کرد، تەنیا لەبەر یەك شت پەشیمان بووم لەبینینی، چونکە بەو شێوەیە بیبینم! هەر ئەو ساتەوەختە لەگەڵ تێڕامان لەچرکە ساتەکانی ژیان و گوزەران و سیمای شێواوی ئەودا موچرکێك بەلەشمدا هات و لەناخەوە هەژاندمی! ئەو هونەردۆستە باسی ئەوەی بۆ کردم کە لەساڵی (٢٠٠٨)دا لە(CD)یەکدا لە کەرکوك ژیان و گوزەرانی سەلاح داودە-م تۆمارکردو لەسلێمانی دام بەخاوەن دەزگایەکی راگەیاندن و دەستڕۆیشت و هونەردۆست بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەخەم و مەینەتەکانی رۆژانەی ژیاندا رزگاری بکات، بەڵام دوای ساڵێك تەنانەت تا رۆژی پێش مردنیشی وەڵام نەبوو!! ئەوەبوو لەچلەی ماتەمینییەکە دوای کۆچی هاوکاری کرا!!.
هەموو ئەمانە ئەو بۆچوونەمان لەلا بەرجەستە دەکات بپرسین بۆچی ئەو هونەرمەندانەی هەژارن و رەسەنن کە لەژیاندا ماون ئاوڕیان لێنادرێنەوەو دەستگیرۆییان ناکرێت! بەڵام دوای مردن و مەرگی یەکجارەکیان بەشان و باڵیان هەڵدەدەن و تەنها بۆ وروژاندنی راگەیاندنەکان هاوکاریان دەکرێن! بەهونەرمەندی گەل و نیشتمان دادەنرێن!.